**Sorani**

## جاڕنامەی مافەکانی مرۆڤ

پەسەندکراوی ساڵی ١٩٤٨

*هەموو مرۆڤ بە ئازادی لەدایك دەبن و لە نرخ و مافدا وەك یەکن، بەبێ گوێدانە ڕەچەڵەك، ڕەنگی پێست، ئاین، سیاسەت یان بیروباوەڕێکی تر، نەتەوە یان بنەچەی کۆمەڵایەتی، سامان، لە هەندی حاڵەتی تردا پیشە یان پایەش.

*هەموو مرۆڤێك مافی ژیان، ئازادی و ئاسایشی خۆی هەیە.

*هیچ کەسێك نابێت بخرێتە ژێر ئەشکەنجە، توندوتیژی، مامەڵەی نامرۆڤانە یان سووکایەتی پێکردن یان سزادانەوە.

*مرۆڤی کامڵ ژن و پیاو مافی هاوسەرێتی و دروستکردنی خێزانی هەیە، بەبێ گوێدانە ڕەچەڵەك، نەتەوە یان ئاین. ژن و پیاو هەمان مافیان هەیە لە کاتی هاوسەرێتیدا، لە میانەی ژیانی هاوسەرێتیدا و لە کاتی هەڵوەشاندنەوەی هاوسەرێتیشدا. هاوسەرێتی پێویستی بە ڕەزامەندی تەواوەتی هەردوو لایەنەکە هەیە.

*هەموو مرۆڤێك مافی بە ئازادی بیرکردنەوە، ئازادی هەڵبژاردنی ئاین و ئازادی گۆڕینی ئاین یان بڕوای خۆی هەیە.

*هەموو مرۆڤێك مافی ئازادی بیروباوەڕ و دەربڕینی بیروڕای خۆی هەیە.

*هەموو مرۆڤێك مافی کارکردن ، ئازادی هەڵبژاردنی کار، دادپەروەری لەکاردا و هەلومەرجێکی لەباری پەیوەندیەکانی کار و مافی پاراستنی لە بێکاری هەیە.

*هەموو مرۆڤێك مافی خوێندنی هەیە. دەبێت خوێندن پەرە بە کەسایەتی بدات و ڕێزگرتن لە ئازادی و مافی مرۆڤ پتەو بکات.

*هەموو مرۆڤێك بەرامبەر کۆمەڵگا کۆمەڵە ئەرکێکی دەکەوێتە ئەستۆ.

## ڕێکەوتننامە دەربارەی نەهێشتنی هەموو جۆرە جیاخوازیەك دژی ژنان

پەسەنکراوی ساڵی ١٩٧٩

*دەبێت ژنان مافەکانی مرۆڤیان بەتەواوی هەبێت و بتوانن مومارەسەی بکەن.

* دایکوباوك هەردووکیان بەرپرسیارن لە منداڵەکانیان. چی باشترین شتە بۆ منداڵ دەبێت لە ناوەندا بێت.

*دەبێت یاساکان مافەکانی ژنان و یەکسانی نێوان ژن و پیاو زامن بکەن.

* مامەڵەکردنی پۆزەتیڤانەی ژنان بەشێوەیەکی کاتی ڕەوایە گەر مەبەست گەیشتن بە یەکسانی بێت.

*دەبێت ژن هەمان دەرفەتی پیاوی بۆ برەخسێنرێت بۆ: دەنگدان لە هەڵبژاردنە گشتییەکاندا، وەرگرتنی پلەوپایە لە دام دەزگا ئیدارییەکان و بەشداری کردن لە بنیات نانی کاروباری سیاسی وڵاتدا، بەو کاروبارانەوە کە لە ڕێکخراوە نێونەتەوەییەکانیشدا دەبرێن بەڕێوە.

* چارەسەری گونجاو بگیرێتە بەر بۆ گۆڕینی ڕەفتارە باوە کولتووری و کۆمەڵایەتیەکانی پیاوان و ژنان. دەبێت هەموو جۆرە حوکومدانێکی کوێرانە، هەروەها ئەو دابو نەریتانەی کە بنچینەکەی لە ژێرکەوتنی یەکێك لە توخمی نێرومێوە سەرچاوەی گرتووە یان بەهۆی ئیفلیج کردنی ڕۆڵی ژن و پیاوەوە هاتووە، نەهێڵرێت.

*ژنان دەبێت هەمان مافی یەکسانی وەرگرتن، گۆڕین یان هێشتنەوەی ڕەگەزنامەی خۆیان هەبێت و نابێت لەڕێگەی گرێبەندی هاوسەرێتیەوە ناچارکرێن ڕەگەزنامەی مێردەکەیان بەسەردا بسەپێنرسێت.

*منداڵ نابێت بەشێوەیەکی ئۆتۆماتیکی یەکسەر ڕەگەزنامەی باوکی وەرگرێت.

*ژنان هەمان مافی‌یەکسانی: خوێندن، خوێندنی باڵاتر، وەرگرتنی بڕوانامە و بازاڕی کاری هەیە.

*دەبێت قۆرخکردنی ڕۆڵی باو بۆ یەکێك لە نێر یان مێ لە خوێندن و کارکردندا دژایەتی کرێت. نابێت ناوەرۆکی بەرنامەی فێرکردن جەخت لەسەر ڕۆڵە باوەکانی توخمی نێر یان مێ بکات، بەڵکو دەبێت بە پێچەوانەوە هانی هەڵبژاردنی خوێندن و کار بدات بێ گوێدانە توخمی نێر یان مێ.

*ژنان مافیان هەیە بە ئازادی کار هەڵبژێرن، هەمان موچەو دڵنیایی کۆمەڵایەتی ، مافی پاراستنی کارو ئیمتیازاتی خێزانی، وەرگرتنی قەرزی بانك و باوەڕپێکراوی تریان هەبێت.

*ژنان نابێت بەهۆی دووگیانی یان منداڵداریەوە لەسەر کاروەدەرنرێن.

*دەبێت کۆمەڵگا وا پەرە بە خزمەتگوزاری‌یە کۆمەڵایەتی‌یەکان بدات کە بتوانرێت لەگەڵ لەیەکدانی ژیانی خێزانی و کارکردن، هەروەها لەگەڵ بەشداری لە ژیانی گشتی‌دا، بگونجێن.

*دەبێت ژنان مافی چاودێری تەندروستی و نەخۆشیان هەبێت، هەروەها مافی بڕیاردانی دروستکردنی منداڵ یان دروستنەکردنیشیان هەبێت.

*ژنان هەمان مافی یەکسانیان هەیە بەرامبەر بە یاسا و بەرامبەر بە دادگا.

*نابێت مافی خاوەندارێتی بۆ ژنان سنووردارکرێت.

*ژنان مافی گواستنەوە و هەڵبژاردنی شاری نیشتەجێبوونی خۆیان هەیە.

*ژنان هەمان مافی یەکسانیان هەیە بۆ شووکردن، هەڵبژاردنی مێرد، ڕازیبوون بە هاوسەرێتی، هەمان ماف و ئەرکی هاوتاشیان هەیە لە ژیانی هاوسەرێتی‌دا و هەمان مافی یەکسانیش بۆ داواکردنی تەڵاق.

*ژنان هەمان مافی یەکسانیان هەیە بۆ بوون بە: وەصی، سەرپەرشت و هەڵگرتنەوەی منداڵ.

*ژنان هەمان مافی یەکسانیان هەیە بۆ هەڵبژاردنی ناوی خێزانی.

## ڕێکەوتننامە دەربارەی مافەکانی منداڵان

پەسەندکراوی ساڵی ١٩٨٩

* لە سوید مەبەست لە منداڵ ئەو کەسەیە کە لە ژێر ١٨ ساڵەوەیە.

*هەرچیەك پەیوەندی بە منداڵەوە هەبێت، دەبێت پێش هەموو شت سەیری ئەوە کرێت کە چی باشترین شتە بۆ منداڵ. منداڵ مافی ژیانی هەیە.

*منداڵ دوای لەدایك بوون یەکسەر دەبێت تۆمار کرێت. منداڵ مافی ئەوەی هەیە کە ناوێك و ڕەگەزنامەیەکی هەبێت، گەر کراش بزانرێت دایکوباوکی کێن.

*منداڵ بەبێ ویستی خۆی نابێت لە دایکوباوکی جیاکرێتەوە.

* دەتوانرێت منداڵ لە دایکوباوکی جیابکرێتەوە گەر ئەوە پێویست بکات و باشترین شت بێت بۆ منداڵەکە، بۆ نموونە: لەکاتی دەستدرێژی لێکردن یان خراپ مامەڵەکردن یان کاتێك دایکوباوك بەجیا دەژین و دەبێت مرۆڤ بڕیار بدات کە ئایا دەبێت منداڵەکە لە کوێ بژی.

*ئەو منداڵەی کە دایکوباوکی بەجیا دەژین، دەبێت هەوڵدرێت پەیوەندی لەگەڵ دایکوباوك هەردووکیاندا هەبێت، گەر ئەوە دژ بە باشترین شت نەبێت بۆ منداڵەکە.

*منداڵ نابێت بە شێوەیەکی نایاسایی بڕفێنرێت و بەزۆر لە هەندەران بهێڵرێتەوە.

*منداڵ مافی ئەوەی هەیە کە بیروڕای خۆی هەبێت و بە ئازادی بتوانێت دەری بڕێت لە هەموو مەسەلەیەکدا کە پەیوەندی بە خۆیەوە هەبێت. هەڵبەتە دەبێت بە ڕەچاوکردنی تەمەن و پێگەیشتنی منداڵەکە بێت.

*دەبێت ڕێز لە ئازادی بیرکردنەوە ، ئازادی ئاسوودەیی ویژدان و ئازادی ئاینی منداڵ بگیرێت.

*نابێت منداڵ هەڵخەڵەتێنرێت یان نایاساییانە خۆهەڵقورتێنرێت لە ژیانی تایبەتی خۆی و خێزانیدا.

*دەبێت منداڵ لە ڕێگای یاسا، کارگێڕی و چارەسەرە کۆمەڵایەتییەکانەوە بپارێزرێت لە دژی هەموو جۆرە زەبروزەنگێکی جەستەیی یان دەروونی، ئەزێتدان یان دەستدرێژی، مامەڵەی خراپ یان پشتگوێخستن، لێدان یان بەکارهێنان بە دەستدرێژی جنسیشەوە.

*ئەو منداڵانەی بەشێوەیەکی کاتی یان هەمیشەیی لە دایکوباوکیان جیادەکرێنەوە مافی پاراستن و یارمەتی دراویان هەیە لەلایەن کۆمەڵگاوە. دەبێت پێشینەی نەتەوەیی، ئاینی، کولتووری و زمانی منداڵەکە ڕەچاوکرێت.

*ئەو منداڵانەی جۆرە هاندیکاپیەکی جەستەیی یان دەروونیان هەیە مافی ژیانێکی پڕبایەخ و ئاسوودەیان هەیە.

*منداڵ مافی چاودێری تەندروستی، بەگوڕهێنانەوە هەروەها دڵنیایی کۆمەڵایەتی هەیە.

*منداڵ نابێت بخرێتە ژێر خوونەریتی کۆنی واوە کە زیان بە تەندروستی بگەیەنێت.

*منداڵ مافی خوێندنی هەیە، بەمەبەستی گەشەسەندنی: کەسایەتی ، زیرەکی، توانای جەستەیی و پراکتیکی منداڵەکە. دەبێت خوێندنەکە پەرەبدات بە منداڵەکە کە ڕێز لە: دایکوباوکی خۆی ، لە ناسنامەی کولتووری خۆی، زمان و جیهانی تایبەت بەخۆی، لەو وواڵتەی تێیدا دەژی و لە بەها نەتەوەییەکانی ئەو وواڵتەش کە لێی هاتووە، لە ئەو کولتوورەش کە جیاوازی هەیە لە خودی منداڵەکە خۆی، بگرێت.

* منداڵ مافی ئەوەی هەیە کە کاتی حەواندنەوە و دەست بەتاڵی، یاری و سەرگەرمی گونجێنراو لەگەڵ تەمەنی منداڵەکەی هەبێت.

*نابێت منداڵ بڕفێنرێت، بفرۆشرێت یان بە شێوەیەکی وا بەکاربهێنرێت کە زیان بە منداڵەکە بگەیەنێت.

*"هیچ کولتوورێك، هیچ ئاینێك و هیچ بەهایەکی کۆمەڵایەتی ناتوانێت پاساو بۆ چەوسانەوە دژی ژنان بهێنێتەوە. هیچ کولتوورێك، هیچ ئاینێك و هیچ بەهایەکی کۆمەڵایەتی ناتوانێت پاساو بۆ ڕێگا گرتن لە کچێکی گەنج بهێنێتەوە کە ژیانی خۆی بژی و بڕیاری خودی خۆی بدات"*

مۆنا سالین



کورتەیەکی وەرگێراو لە سێ دانە

بەڵگەنامەی نێونەتەوەیی

ڕێکخراوی نەتەوەیەکگرتووەکان UN:*

- جاڕنامەی مافەکانی مرۆڤ
- ڕێکەوتننامە دەربارەی نەهێشتنی هەموو جۆرە جیاخوازیەك دژی ژنان
- ڕێکەوتننامە دەربارەی مافەکانی منداڵان

ئامادەکردنی دەقە ئەسڵیەکە

سیمۆن لیندسترویم، سەرۆکایەتی هەرێمی، ڤێسترا یۆتەلاند

وەرگێڕانی.

LÄNSSTYRELSEN
VÄSTRA GÖTALANDS LÄN

*بۆ بینینی دەقەکە بە تەواوەتی بڕوانە www.humanrights.se